## زانای سیاسی، ئاوازەکەی و جیهانی شاراوەی میکرۆبەکان

نامەی نارەزایەتی زانای سیاسی لە فۆرمێکی هاوشێوەی ئەمرۆییدا لە ئینتەرنێت بڵاوکراوەتەوە. گرنگ گوتەی ئەو هونەرمەندەیە کە لە برلین دەژی و لە نامەیەکیدا لە ساڵی ٢٠٠٦ بۆ سەرنووسەری گۆڤاری بیلد(Bild)ی ناردووە. لە وەڵامی چاپکراوی لێدوانێکمدا لەسەر ئەو بۆچوونەم کە "خوڵقێنەرەکان زانست دەشێوێنن"، ئەو مۆسیقاژەنە ئەمانەی خوارەوەی نووسیوە: "ناساندنی تیۆری گەشەسەندن بە "ڕاستییەکی زانستی چەسپاو" شتێکم بیردەخاتەوە... بە شێوەیەکی کوشندە ئەو وانانەی قوتابخانەم بیردەخاتەوە کە لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە پەروەردە کرابوون و لە سەردەمی ژیانم لە ڕۆژهەڵاتی ئاڵمان (DDR)[١٤] چێژم لێ وەرگرتوون. تیۆری گەشەسەندن ... هەروەك پێشوو تا ڕادەیەکی زۆر لەسەر گریمانە و لێکدانەوە دامەزراوە. حەز دەکەم... گوێبیستی باسێکی بەڕاستی ڕەخنەگرانە لەسەر ئەم بابەتە، ئەویش تێڕوانینێکی نوێ بم. بەم کارە... تیۆری گەشەسەندن دیسانەوە ببێتەوە بەو شتەی کە پێشتر بووە: تەنیا تیۆرێک". ئەم ڕوانگە بەربڵاوەی "زانای سیاسی- هونەرمەند (کۆمەڵناس و خوداناس)" دەتوانرێ بەم ئارگیومێنتانەی خوارەوە بەرپەرچ بدرێتەوە.

تیۆری زانستی پێشبینییەکی بێ بنەما یاخود گەمژەیی و تەنانەت فانتازیایەکی بێ بەڵگەش نییە، وەک ئەوەی بە شێوەیەکی باو بگوترێ "من تیۆرییەکم هەیە...". زانایانی سروشتی نەک هەر دۆزینەوە و زانیارییەکان پەرەپێدەدەن، بەڵکو هەوڵ دەدەن ڕوونیشیان بکەنەوە. ئەو ڕوونکردنەوانەی بە شێوەیەکی هەمەلایەنە ڕەوایە، لەسەر بنەمای ڕاستییەکان (بەڵگەنامە، ئەزموونەکان) هەروەها پشت بە لقە پەیوەندیدارەکانی زانست دەبەستن، پێیان دەوترێت تیۆری (سیستەمی پارێزراوی گریمانەکان). ئامانجی ڕاستەقینەی توێژینەوەی زانستی لە دارشتنی تیۆرییە بنەمادارەکاندایە. لە ڕاستیشدا،

---

[١٤] سەردەمی حکوومەتی کۆمونیستیی ڕۆژهەڵاتی ئاڵمان پێش ڕووخانی دیواری برلین.

ئێمە دەمانەوێت شتە نەبینراو و شاراوەکانی پشت دۆزینەوە تاکەکسییەکان (واتە پەیوەندییەکانیان) بناسین و لێیان تێبگەین و دواتر لە شێوەی مۆدێل یان تیۆریدا بیانخەینەڕوو.(Bunge and Mahner ٢٠٠٤, Mohr ٢٠٠٨)

نموونەیەک لە کارە توێژینەوەکانی خۆم ئەم ئەرکە ڕوون دەکاتەوە. وەک لە وێنەی (٩٩)دا دەردەکەوێت، بە بەکارهێنانی میکرۆسکۆپی ئەلکترۆنی لە ژێرەوەی گەڵای تازەی گوڵەبەڕۆژەی گەنج و تەندروستدا باکتریای بێشومار دەژین کە لەڕێگەی دابەشبوونەوە پەرە بەژیانی خۆیان دەدەن و خۆ بڵاو دەکەنەوە. ئەم میکرۆبانەی لەسەر گیا و داروگژ دەژین و لە چەشنی میتیلۆباکتریۆم "Methylobacterium" و پاشماوەی گۆڕانکاریی گازی خانەکانی گەڵا دەخۆن، ماکەی گەشەکردن (فیتۆهۆرمۆنی) دەردەکەن، کە لەلایەن خانەکانی ڕووەکەوە هەڵدەمژرێن. توێژینەوە هەمەلایەنەکان دەریانخستووە بۆ نموونە چەشنە کۆنەکانی هاوژیانی و هاوبەشەکان لە "میتیلوباکتریا "Methylobakterien" و ڕووەکی وشکانی" پێکهاتوون. (Kutschera ٢٠٠٧) دوای دۆزینەوەی بە هەڵکەوتی ئەم باکتریا ئێپیفایتیانەی "epiphytischen"، کە پەیوەندییان بە مایتۆکۆندریای یوسیتەوە "Eucyte"هەیە، لە سەرەتادا نەماندەویست باوەڕ بەم دۆزینەوەیە بکەین. بەڵام دواتر لێکۆڵینەوە گشتگیرەکان بەبێ هیچ گومانێك سەلماندیان لە ڕاستیدا ژمارەیەکی زۆری ئەم باکتریایانە هاوژیانی ڕووەکە هەمەچەشنەکانن، سەرەڕای تەندروستبوون و تازەمانەوەی گەڵاکان، "لە ڕووی تیۆریەوە" دۆخی سلامەتییان زۆر باشە. بە پشتبەستن بەم لێکۆڵینەوە هاوشێوەیانە، دەزانین کە باکتریا لە هەر شوێنێک ماکەی ئۆرگانییك وەک سەرچاوەیەکی خۆراک لەبەرداستیان بێ، ژیان دەکەن و زیاتر لە ٥٠٪ی بایۆماسە "Biomasse" پێکدەهێنن: لەڕاستیدا ئەوان نوێنەرایەتی زۆرینەی نەبینراوی زیندەوەرانی سەر زەوی دەکەن. ( Whitman et. al. ١٩٩٨, Kutschera und Niklas ٢٠٠٤, Mardigan und Martinko ٢٠٠٦, Pearson ٢٠٠٨). وەک لە خوارەوە دەیبینین، تێڕوانینی ئێمە لەسەر "زیندەوەران و گەشەسەندنیان" بەهۆی ئەم دۆزینەوانەوە لە بنەڕەتدا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. باڵادەستی میکرۆبی شاراوە و نەدیار ڕۆڵی ئەوان وەک ئەندۆسیمبیۆنت "Endosymbionten" (یان هاوبەشی هاوژیانی) بووەتە هۆی داڕشتنی ڕەوتیکی نوێی هێزە بزوێنەرەکانی گەشەسەندنی مەزن.

لە بەشەکانی داهاتوودا پوختەیەک لە "بەڵگەی زانستی گەشەسەندن" دەخرێتەڕوو، کە دەتوانرێت وەک کۆکراوەیەك لە چەندین ڕاستی ناو ئەم کتێبە سەیر بکرێت. لەسەر ئەم بۆچوونە، مۆدێلێکی نوێی ڕێڕەو و هێزەکانی بزوێنەری گەشەسەندن لە هەر پێنج ناوەندی زیندەوەران لەسەر زەوی دەخرێتەڕوو، کە زۆر وە سەر تیۆرییە کلاسیکەکانی داروین دەکەوێ، بەبێ ئەوەی دژایەتی بنەما سەرەکییەکانی دامەزرێنەری توێژینەوەی گەشەسەندن بکات. لە کۆتایی بابەتەکەدا بە وردی ڕوونی دەکەینەوە بۆچی دەبێ چارڵز داروین وەک "مۆتزارتی بایۆلۆژی" بناسین.

درێژەی هەیە...